# بەرەو ڕووناکی

جگە لە سەروتار سەرجەم بابەتەکانی تر خاوەنەکانی لێی بەرپرسن.

سەرنووسەر

سالم محمەد

ژمارە ٧ | ٢٠٢٠/٧/٢ | ڕۆژی پێنج شەمە

## لە یادتان نەچێت عەلی حمە ساڵح لەشکری تورکیای نە هێناوەتە سەر هەرێم



هێرشەکانی تورکیای فاشیست بۆ سەر هەرێمی کوردستان لاپەرە ٣

بزوتنەوەی گۆڕان بە ڕەخنەگرتن بەهێز دەبێت لاپەرە ٤

# سەروتار

**لە یادتان نەچێت عەلی حمە ساڵح لەشکری تورکیای نە هێناوەتە سەر هەرێم**

**سالم محمەد**

لە ژێر کاریگەری میدیای سیبەر و پەیجی بێ خاوەن و ڕاگەیاندنی هەردوو حیزبدا لە ئێستا کە هەموو ژیانی خەڵکیان کردوە بە قوربانی دەسەلاتی بنەماڵەی لە کوردستان، شە پۆلێکی ناو زراندنی توند دژی گۆران بەرێوە ئەچێت لەو نێوەندەشدا هێرشی بەردەوام دەکرێتە سەر سەرۆکی فراکسیۆنی گۆران عەلی حەمەساڵح کە دەمەوێت بڵێم ئەم هەولانە نەزۆکن، چونکە ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن لە کۆمەڵێک بندیواری دوو حیزبە گەندەڵە زیاتر کەسی تر نین. هەروەها دەڵێم لە یادتان نەچێت عەلی حمە ساڵح
نەوتی نەرێمی نە دزیوە.
ڕۆژنامەنووسی نەفراندوە.
خەڵکی نەترساندوە و هەرەشەی لە خەڵک نەکردوە.
لەشکری تورکیای نەهێناوەتە سەر هەرێم.

داوای لە ئێران نەکردوە سنورەکانی کوردستان تۆپ باران بکات.
هێزی نەهێناوتە سەر پەکەکە و پەژاک و دیموکرات و کۆمەڵە.
سەرپەرشتی سەدان کۆمپانیای حیزبی ناکات.

نەچاوی کەمەوە سەیری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی نەکردوە.
داهاتی خاڵە سنوریەکانی نەدزیوە.
جگەری بەستووی ئێران و دوگی مەڕی قاچاخی نەهێناوە.

کۆمپانیای دەرمانی نیە و بازار پر بکات لە دەرمانی بەسەرچوو،دواتر چاوی نەخۆشی پێ کوێربێت.
مۆڵ و هۆتێل و مۆتێلی نیە خۆی لە بەرزیەوە بڕوانێت بۆ خوارەوە و هەژارو نەدارەکان بچوک ببینێت.
بازاڕی پر نەکردوە لە خواردنی بەسەر چوو تا ڕێژەی شێرپەنجە بەرزبێتەوە، دواتر دابینکردنی پێداویستی نەخۆشێکی نەخۆشخانەکە بکات بە دەستکەوت و وەک بەرپرسەکانی ئەوان بە خەڵکی بفرۆشێتەوە.
هەزاران مامەڵەی نایاسای نەکردوە تا لە ژێر ناوی مقاولاتدا وەک هەندێک بەناو سیاسی گەورەبێت و دواتر پارەی خەڵک بخوا و حیزب دروستبکات و خۆی بکات بە دەمراستی خەڵک.

هێرشەکانی تورکیای فاشیست بۆ سەر هەرێمی کوردستان

ڕەوەند عبدللە حمە



لەپاش ئەوەی تورکیای فاشیست بۆ چەندین جار بێ گوێدانە پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان، هێرشی سەربازی وئاسمانی دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان و بێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ حوکمەتی هەرێم و حوکمەتی عێراق بکات ، دەر ئەنجامی ئەم هێرشانەش چەندین هاوڵاتی مەدەنی و هەروەها سیاسی ،شەهید دەبن ، ئەمەش بۆ خۆی کارەساتە ، تورکیای فاشیست بە بیانوی هەبوونی بنکەی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە ، وە هێرشەکانی بۆ هەرێمی کوردستان چڕ کردۆتەوە ، خەڵکی ناوچە سنورییەکان یش دەکەنە ئامانج بە بیانووی هەبوونی گەریلاو کاربەدەستانی پەکەکە وە ، هێرشەکانی چ بەفڕۆکەی بێفڕۆکەوان بێت یان زەمینی بە نموونە ڕوداوەکانی چیای ئەزمەڕ و کونەماسی و چیا کانی زاخۆ ، لە ئەجامدا بریندار و شەهیدی لێکەوتەوە ، چ کەسی مەدەنی یان سەرکردەی سەربازی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە.

ماکیاڤیلی پێمان دەڵێت سیاسەت و مۆراڵ هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییەو ئەمەش لەسیاسەتو ئیدارەدانووکرداری ڕۆژانەماندا ڕەنگی داوەتەوە ، بەڵام کۆمەڵگای ئێمە لەهەر کۆمەڵگایەکی تر زیاتر پێویستی بەئاوێتەکردنەوەی سیاسەتو مۆراڵ هەیە، لەم شکستە دەربازمان نابێت ، ئەگەر کار بۆ پێکەوەگرێدانی مۆراڵو سیاسەت نەکەین ، بەنموونە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسیاسەتدا دووروو نزیک هیچ پەیوەندیەکیان بە ئەخلاقەوە نییە ، بێ گوێدانە هیچ بە هایەکی نەتەوەی هەموو ڕێگەیەک یان گرتۆتەبەر ، بونەتە ڕێنیشاندەر بۆ سوپای تورکیای دکتاتۆر ، پارتی سنوری خۆی بەتەوای تەسلیمی میتی تورکی کردووە ، کار بۆ دەزگای سیخوڕی تورکیای دکتاتۆر دەکەن ، بە شێوەیەکی ئاشکرا دژی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە دەوەستنەوە و دەبنە ڕێنیشاندەر بۆ سوپای تورکیای فاشیست ، پارتی بێ گوێدانە هیچ بەهایەکی نەتەوەی بۆ بەرژەوەندی خۆی و مانەوەی هەموو ڕێگایەکی نائینسانیان گرتوتەبەر و تەنها لە پێناو مانەوەی خۆیاندا ئەم کارەدەکەن .

ڕۆژێک هەر دێت پارتی و هاوئاوازەکانی باجی ئەم خیانەتە گەورەیە بدەن ، ئە خیانەتەی پارتی زۆر گەورەترە لە خیانەتی دکتاتۆرەکان ، پارتی دژی هاوزمانی خۆی خیانەت دەکات هاوزمانی خۆی دەدات بەکوشت بۆ سوپای تورکیای دکتاتۆر ، مەسعود بارزانی دەڵێت ئەگەر تورکیا دەستپێشخەری ئاشتی بکات و پەکەکە ڕەتی بکاتەوە ئەوا ئێمە بەهەموو شێوازێک دژی پەکەکە دەوەستینەوە ، بەڵێ ئەوە سیاسەتی تازەتان نییە ، ئەوە سیاسەتی هەمیشەیتانە ئاوا هەر فێری خیانەتن هەر جارەو پێش سوپای وڵاتێک دەکەون جارێ دەبابەی عێراق دێننە هەولێر جارێ سوپای تورکی دکتاتۆر ، ئیتر ئەمە بیانو نییە بۆ پێشەوە پێش یان کەون بۆ خیانەت بەڵام هەر ڕۆژێک دێت باجی ئەخیانەتە گەورەیە وەرگرنەوە وەک چۆن دکتاتۆرەکانی پێشوو تر وەریان گرتووە بەر سزای گەل کەوتن .

## بزوتنەوەی گۆڕان بە ڕەخنەگرتن بەهێز دەبێت

مەریوان عەلی

ئەوەی وادەکات گۆڕان بکەوێتە بەر ئەو لێشاوە ڕەخنەییە توندەی لایەنگران و دۆست و نەیارانی ئەم بزوتنەوەیە، دەرئەنجامی ئەوە نیە کە گۆڕان بەشداری حکومەتی هەرێمی کردووە، یاخود تیمی گۆڕان لە حکومەتدا کارەساتیان خوڵقاندووە، ئەگەرچی بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەتدا بریتیە لە ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان بەباش و خراپیەوە، کە ئەمە بۆ گۆڕان نە تاوانە و نە فەساد و نە دزیە، بەڵام لە بنەرەتدا گۆڕان بۆ ئامانجێکی گەورەتر بەشداری حکومەتی کردووە، کە تێدا لە ڕێگەی حکومەتەوە بەشێک لەبەرنامە چاکسازیەکەی، جێبەجێ بکات، گەر بەشداریکردن لە حکومەتدا عەیبەبێت، دەبێت هەموو حزبەکانی دی ببنە سەندیکا و کۆمەڵەی خێرخوازی، ئەمە تەبری ئەوە نیە کە بێدەنگی گۆڕان یەکسان بێت بە بەشداریکردن لە حکومەتدا، دۆخەکە چۆنە؟ بۆچی گۆڕان بە ئامانجگیراوە؟

لە دوای ڕاپەرینەوە تا دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان تەنها ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێتی و پارتی درکیان بەوە نەکردووە هێزێک هەیە دەتوانێت ببێتە بەدیلی راستەقینەی ئەوان، هێزێک خاوەنی هەموو توخمە سەرەکیەکانی شوێنلێژکردنی ئەوانی تێدا بێت، ئەوەی وایکرد یەکێتی و پارتی ترسی راستەقینەیان لێبنیشێت ئەو 25 کورسیە بوو کە لە یەکەم هەڵبژاردندا گۆڕان توانی بەدەستی بهێنێت، ئەم زەنگەنە، مەترسی راستەقینە و گلۆپە سەوزەکەی بەدیلی ئەوان بوو، بزوتنەوەی گۆڕان بە جۆرێک خۆی کرد بە دنیای سیاسی ئێمەدا کە سێ شتی سەرەکی ئەنجامدا:

1.مانایەکی نوێی بەخشی بە ژیانی سیاسی، کە تێدا خەڵک ئەو بڕوایەی لا دروستبوو کە سیاسەتکردن بریتیە لە ئومێد بۆ گۆڕینی دونیا.
2.جوڵەیەکی ناسروشتی ڕێکخراوی دژ بە گەندەڵکاران ڕێکخست، کە هەمووان کۆک و تەبابوون لەسەر گۆڕانکاری ڕیشەیی.
3.بە فعلی هێزێک هاتە گۆڕەپانەکە کە هەموو خەسڵەتەکانی شوێنگرەوەی یەکێتی و پارتی تێدابوو.

ئەمەی دواییان ڕووبەڕوبونەوەکەی توندکرد و زلەیەکی بەهێزبوو لە یەکێتی و پارتی کە دەبێت فریای خۆیان کەون، ئیدی دەستیانبرد بۆ هەموو کارتەکان، کارتی کرینی کەسایەتیە دیارەکانی گۆڕان، کێشە دروستکردن لە ناو بزوتنەوەکە، تا کار گەیشتە ئەوەی ئەو دەوڵەمەندانەی ڕۆژگارێک لە بەردەم ڕەحمەتی گەندەڵی ئەواندا پێگەیشتبوون، خوێندکارە دڵسۆز و بەوەفاکەی خۆیان کە وەک فریادڕەس تەماشایان دەکرد لە پرۆسەیەکی فابریکەکراودا برێک لە دروشم و سلایدی کاری بزوتنەوەی گۆڕانیان پیاهەڵواسی و وەک بەکرێگیراوێک کە ساڵانێک بەخێودەکرێت بۆ ڕۆژگارێکی ئاوا، هێنایانە ساحەکە ئەوە کورە بەوەفاکەی ینک و پدک بوو کە شاسوای نەوەی نوێیان لێخوڵقاد.

درێژەی وتار لاپەرە ٥

## درێژەی وتاری لاپەرە ٤

قسەکە لەسەر کۆی ئەم پرۆسەیە نییە، ئەوەی مەبەستە رووناکی بخەمە سەر، گۆڕان بۆ ڕەخنەباران دەکرێت؟، ئایا ئەم ڕەخنانە بۆ شکاندنە یان بۆ بەهێزکردنی گۆڕانە.
واز لە هەڵگەراوە گۆڕاوەکانی گۆڕان بێنە کە دوای نا ئومێدیان لە پۆست و پلەی حکومی و حزبی و پەرلەمانی پەلاماری بزوتنەوەکە دەدەن، لە نەیار و رکابەرە سەرسەختەکانی بزوتنەوەی گۆڕان توندتر و ناشرینتر هێرشدەکەنە سەر گۆڕان. ئەمانە ئەگەر کاریان لە ناو بزوتنەوەکەدا بە جۆرێکی تر برۆیشتایە هەڵبەت ئێستا هەر گۆڕانی عەیارە بیستوچواری نێو بزوتنەوەکە دەبوون.
بزوتنەوەی گۆڕان لە واجەی هێرشەکاندایە، ئامانجەکە زۆر روونە شکاندنی ئەو ئەلتەرناتیفە بەهێزەیە کە دەتوانێت ینک و پدک تێپەڕێنێت. ئەگەر لە ئێستادا ئەم بزوتنەوەیە زامدار و هیلاک و شەکەتکرابێت، بەڵام هێشتا ئەو ماتەوزەیەی تێدایە کە هەڵسێتەوە و ببێتەوە بە ئەلتەرناتیفە بەهێزەکە. کەواتە نە وەزیفەی دەوڵەمەندە هەڵتۆقیوەکە تەواو بووە نە ئەو هێرشەی توندەی دەکرێتەسەر گۆڕان وازوو رادەگیرێت.
جۆرێک ڕەخنە هەیە کە بزوتنەوەی گۆڕانی پێی بەهێزدەبێت، هەڵبەت ئەو ڕەخنانەیە کە تەقیمی پێرفۆمانس و دید و کاری بزوتنەوەکە دەکات، لە خاڵە باش و خراپەکان ئاگاداری دەکاتەوە، گۆڕان لە هیچ هەڵوێست و بەرنامە و دنیابینی دامەزرێنەرەکەی و پرنسیپە بنەرەتیەکان لای نەداوە، ئەوەی گۆڕاوە دەبێت بەروونی بخوێندرێتەوە کە ئامانجی سەرەکی نەیارەکانی ئەم بزوتنەوەیە تێکشکاندنی ئەلتەرناتیفەکەیانە بە جۆرێک هەر پارچەیەکی لە شوێنێک بێت، ئەوان ئامادەن باجی گەورەبدەن لەو پێناوەدا کە تێکشکاندنی گۆڕانە، بۆ نمونە کەسایەتیە دیارەکانی نێو بزوتنەوەی گۆڕان پۆستی گەورەیان دەدەنێ بەمەرجی وازهێنانیان لە گۆڕان، حاجیەکان و حەملانەکان حەیدەرەکان نمونەی زیندوون، دواجار پارە و پۆست بەخشینەوە بەو هەڵسوراوانەی لە ئێستادا بە رووی گۆڕاندا قسەی نەشیاو و بوختان دادەتاشن.
بزوتنەوەی گۆڕان بە بەهێزی دەمێنێتەوە گەر نەکەوێتە ئەو گەمەیەی کە دەسەڵات زۆر بە زیرەکانە پلانی بۆ دارشتوە، دەمکوتکردنی گۆڕان کرۆکی پلانەکەیە، پابەند نەبوونی گۆڕان بە هەر سەقفێکی زەمەنی بۆ چاکسازی پلانێکی ترە دژ بە گۆڕان، ریزکردنی کادرانی خۆیان لە نێو خۆپیشاندانە خۆرسکەکانی سلێمانی و هوتافکێشان و قسەوتن بە گۆڕان پلانێکی ترە، بە ئامانجگرتنی کورەکانی نەوشیروان مستەفا پلانێکی ترە، زەقکردنەوەی لاوازی تیمی گۆڕان لە حکومەت و پەرلەمان پلانێکی ترە، غیابی میدیای گۆڕان بەهۆکاری وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی گۆڕان پلانێکی ترە، یەکسانکردنی گۆڕان بەو مەینەتباریەی بە هۆی ینک و پدکەوە بەسەر هاوڵاتیاندا هاتووە پلانێکی ترە، هێرشی نارەوای هەندێک رۆشنبیر نا راستەوخۆ دەچێتە خزمەت پلانی شکاندنی گۆڕان.

گۆڕان دەبێت چی بکات؟ ئاسانترین وەڵام دەستگرتنە بەو پرنسیپ و بنەمایانەی نەوشیروان مستەفا دایرشتوە، هیچ ئەستەم و قورس نیە، نەوشیروانیانەبیربکەوە و گۆڕانکاری بەئەستەم مەزانە ئەوا بێگومان گۆڕان بەهێزتر دەبێت لە سەردەمی خودی نەوشیروان مستەفاش.



**ئاگاداری سەرجەم نووسەران ڕۆشنبیران و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین دەتوانن بابەت و نووسینەکانیان بۆ ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بەرەو ڕووناکی بنێرن بە مەبەستی ئەوەی بۆیان بڵاوبکەینەوە.**

**نووسەرە بەڕێزەکان دەتوانن نووسینەکانیان بنێرن بۆ ئەم ئیمەیلە:**

bargrinamasalam@gmail.com